## بۆ دکتۆر عەبدوڵا حەداد ... کامەران محمد

kamranmhamad@yahoo. com

لە پۆلەکە هاتەدەر و قۆڵێکی بەدەست (ئازا) ی کوڕیەوە بوو، دەستەکەی تریشی خستبووە سەر گۆچانەکەی و هێواش هێولش هەنگاوی دەنا، قوتابیەکانیش بە تیلەی چاو سەیریان دەکرد، لە پرێکا هەناسەیەکی قوولی هەڵکێشاو، لەکاتی هەناسەدانەوەی رومەتەکانی پڕبوون لە ئاهو حەسرەت، سەیرێکی کردم و بە هێمنی باسی هیلاکی وبێزار بوونی خۆی کرد، ئنجا زۆر بەهێمنتر گوتی " لەم وڵاتە تەنها دلسۆزەکان وایان بەسەردێت".

خەم مەخۆ..
دڵنیابە، هەرچەند رویان قایمترو
ئەستوور تر بێت
بەرەی ژێرپێیان تەنك و ڕزیوە
خەم مەخۆ..
با هەر سینگیان دەرپەرێنن،
نەوچەوانیان گرژ کەن
تازە کورسیەکانیان لەرزیوە
ئەوان..
گەندەڵیەکانی ئەمرۆیان
شکۆمەندیەکانی دوێنێشیان بۆگەن کرد
######### ####### #######
خەم مەخۆ...
خۆ قەڵەمەکەی تۆ، نەدروستکراوەو
نەکاسەلێسە..
بە سرودی حکمەت ئامێز
سەری بڵندوبەردەوامە لە بلێسە..
##### ##### ##### ##### #####
خەم مەخۆ
نەوەیەك دروست بووە
نە کوشتنی حاجی لەقلەقەکانی شار*و
نە ئەو زینایەی لە گەڵ خاك کرا*و
نە دیواری دێگەڵەی* بیر دەچێتەوە...
خەم مەخۆ
نەوەیەك دروست بووە...
ئەمرۆ یا سبەی
رابردوو دێنێتە دادگا،
لە کۆشك و تەلاری بەرپرسان،
لە قەڵەمە روڕەشەکان
لە چۆلی هێلانەی حاجی لەقلەقەکانی شارو

*هێمایە بۆشعرێکی دکتۆر عەبدوڵا حەداد.
*هێمایە بۆ شعرێکی عەبدوڵا پەشێو.
*هێمایە بۆ هەمان شعری پەشێو.